# چیرۆکی پەڕە وونبووەکە
# لە ژیانی فەرموودەناسی سەردەمدا
## پێشەوا شێخ: (محمد ناصر الدين الألباني)

✍: م/محمد عبد الرحمن لطيف
وتارخوێنی مزگەوتی: ئیمامی عەلی / کەلار

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين، وصلى الله وسلم وبارك على سيّد الأنبياء وخاتم المرسلين نبينا محمد وعلى آله وأصحابه وأتباعه الى يوم الدين .**

ئەم چیرۆکە بەشێکی پرشنگدارو چرایەکی ڕووناکە لە بیرەوەرییەکانو ژیاننامەی زانایەکی ماندوونەناسو کۆڵنەدەر لە بواری گەڕان بە دوای زانستی شەرعیدا، ئەو زانا گەورەیەی کە بە فەرموودەناسی سەردەم ناوبانگی دەرکردووەو بە پێنووسە ڕەنگینەکەی سەدان بەرهەمی بەپێزو پیرۆزی لە بواری خزمەتکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، ئەویش پێشەوا شێخ (محمد ناصر الدين الألباني)یە (ڕەحمەتی خوای لێبێت):

* بەسەرهاتێکی بێوێنە بە پێنووسی خاوەنەکەی:

شێخ ئەلبانی لە پێشەکی کتێبەکەیدا (فهرس مخطوطات دار الكتب الظاهرية المنتخب من مخطوطات الحديث) فەرموویەتی:

(هەرگیز بە بیرمدا نەدەهات کەوا نمونەی ئەم (پێڕست / فهرس)ە دابنێم، چونکە ئەمە بەشێك نەبوو لە پسپۆڕی مندا، وە من ئەوەندە کاتی فراوانم نەبوو کە یارمەتیدەرم بێت بۆ ئەم کارە، بەڵام خوای گەورەو کارپڕبەرەکەت ئەگەر ویستی شتێکی هەبێت ئەوا هۆکارەکانی بۆ ئامادە دەکات، من تاقیکرامەوە بە نەخۆشییەکی سووك کە تووشی چاوم بووبوو بۆ ماوەی زیاتر لە (١٢) دوانزە ساڵ لەوەوپێش، بۆیە دکتۆری پسپۆڕ ئامۆژگاری کردم بە پشوودانو وازهێنان لە خوێندنەوەو نووسینو کارکردن لە

پیشەکەمدا (کە بریتی بوو لە چاك کردنەوەی کاتژمێر)[1] بۆ ماوەی شەش مانگ .

سەرەتا کارم کرد بە ئامۆژگاریەکەی، بۆیە وازم هێنا لە هەموو ئەوانە بۆ نزیکەی دوو هەفتە، پاشان ناخ و دەرونم ئارەزووی ئەوەی بۆ دەکردمو ئەوەی بۆ دەرازاندمەوە کەوا شتێك ئەنجام بدەم لەم پشووە بێزارەدا، کارێك کەوا ـ بە بۆچوونی خۆم – پێچەوانەی ئامۆژگاریەکەی نەبێت، بۆیە (نامیلکەیەکی دەستنووس)م بیرکەوتەوە لە کتێبخانەکەدا کە ناوی (ذَم الملاهي) بوو دانانی (الحافظ ابن أبي الدنیا) کەوا بە پێی زانیاری من لەو رۆژگارەدا چاپ نەکرابوو .

بۆیە وتم: ئایا چ رێگرێك هەیە لەوەی کە من کەسێك راسپێرم بە نووسینەوەی ئەو (نامیلکەیە) بۆم، وە هەتا نووسینەوەی تەواو دەبێتو کاتی رووبەرووکردنەوەی دێت لەگەڵ ئەصڵەکەیدا ئەوا بەشێکی باش لە کاتی پشوودانەکەم بەسەر چووە، پاشان دوای ئەوە دەتوانم رووبەرووی بکەمەوە، لە کاتێکدا کە ئەمە هەوڵێکی وای ناوێت کە پێچەوانەی ئەو بارە تەندروستییە بێت کە من تێیدا بووم، پاشان لە پاش ئەوە ووردە ووردە لەسەر خۆم (تەحقیقی) دەکەم و فەرموودەکانی (تەخریج) دەکەم و دواتر چاپی دەکەین، وە هەموو ئەوانەش لە چەند ماوەیەکدا ئەنجام دەدەم بۆ ئەوەی لەسەر خۆمی ناڕەحەت نەکەم .

جا کاتێك نووسەرەکە گەیشتە نیوەی (نامیلکە)کە پێمی راگەیاند کەوا نەقوسانیەکی تێدایە، منیش فەرمانم پێی کرد کەوا بەردەوام بێت لە نووسینەوەیدا هەتاوەکو تەواوی دەکات، پاشان لەگەڵیدا رووبەروویم کردەوە بەسەر ئەصڵەکەدا، وە دڵنیا بووم لەو نەقوسانیەی کە ئاماژەی بۆ کردو من دەیخەملێنم بە ئەندازەی چوار لاپەڕە لە یەك پەڕەدا لە نێوەندی (نامیلکە)کەدا بوو، پاشان بیرم لێی دەکردەوەو چۆن بتوانم بیدۆزمەوە ؟

(١) شێخ ئەلبانی پیشەی (چاك کردنەوەی کاتژمێر/ تصليح الساعات) لە باوکیەوە فێر بووە، کە توانیویەتی بەم پیشەیە بژێوی بۆ ماڵو منداڵەکانی پەیدا بکات .

وە ئەو (نامیلکە)یە پارێزراو بوو لە نێو (بەرگێگ/ مُجَلَد) لەو (بەرگانەدا/ مُجَلَدات) کە لەنێو کتێبخانەکەدا دانراو بوون لەژێر ناونیشانی (مَجامیع)دا، وە لە نێو هەر یەکێك لەو (بەرگ/ مُجَلَد)انەدا زۆربەی جار چەندین (نامیلکە) و (کتێب)ی تێدا بوو بە چەندین خەتو بابەتی جیاوازو بە چەندین پەڕەی جیاواز لە ڕەنگو ئەندازەدا، منیش لە ناخی خۆمدا وتم: لەوانەیە ئەو (**پەڕە وونبووە**) لە لایەن (بەرگ تێگرەکەوە/ مُجَلِّد) بە سەهوو تێکەڵ کرابێت بە (بەرگ/ مُجَلَد)ێکی تر لەم (بەرگانەدا/ مُجَلَدات)! بۆیە خۆمم بینییەوە بە هەموو خواستو گورجوگۆڵیەکەوە بچمە پێشەوە بۆ گەڕان بە دوای ئەو (**پەڕە وونبووە**)دا لە نێو ئەو (بەرگانەدا) یەك بە دوای یەك .

وە خۆمم لە بیرم چووەوە یان خۆمم لە بیری خۆم بردەوە لە ئاست ئەو بوارە تەندروستییەدا کە من تێیدا بووم، وە ئەگەر بیرم کەوتبایەتەوە ئەوا شتێك نەبوو بیکەم بە بیانوو بۆ نموونە بڵێم: ئەم بەدواداچوونو گەڕانە پێچەوانەی ئەوە نییە چونکە نووسینەوەو خوێندنەوەیەکی ماندووکارانەی لەگەڵدا نییە .

وە نزیك بوو لەوەی کەوا چەند (بەرگ / مُجَلَد)ێك تێپەڕێنم کە چی ناونیشانی هەندێك (نامیلکە) و (کتێب)ی چەندین فەرمووودەناسی بەناوبانگ و (حُفاظ)ی ناسراو سەرنجی ڕاکێشام و منیش لە ئاستیاندا ڕادەوەستام و بەدوایاندا دەگەڕام و توێژینەوەم تێیاندا دەکرد، وە خۆزگەم دەخواست کەوا ئەوانە بنووسرێنەوەو (تەحقیق) بکرێن و پاشان چاپ بکرێن، بەڵام زۆربەی جار دەیانمبینین کەوا ئەم سەرو ئەو سەرو هەندێك بەشیان نەقوسانە، بۆ نموونە دووەمیانم دەبینییەوەو یەکەمیانم نەدەبینییەوە بۆیە دەسپێشخەریم نەدەکرد بۆ تۆمارکردنی لە لای خۆم، وە بەردەوام بووم لە گەڕان بە دوای (**پەڕە وونبووەکە**)دا، بەڵام بێسوود بوو هەتاوەکو بەرگەکانی (مَجامیع) تەواو بوون کە ژمارەیان گەیشتبووە (١٥٢) (بەرگ/ مُجَلَد)، هەرچۆنێك بێت لە میانەی بەدواداچوون و گەڕانمدا خۆم

بینیەوە کە دەستم داوەتە تۆمار کردنی ناونیشانی هەندێك لەو کتێبانەی کە پێیان سەرسام و دڵخۆش دەبووم لە نێو دەستنووسەکەمدا، وە ئەوەش کە هانی دام بۆ ئەوە ئەوە بوو کەوا من لە میانەی گەڕانمدا هەندێك لەو نەقوسانیانەم دۆزیەوە تێیدا کەوا پێشتر لە دەستم چووبوون لە تۆمارکردنیاندا .

وە کاتێك کە (**پەڕە وونبووەکە**)م نەدۆزیەوە لە نێو ئەو (بەرگانەدا / مُجَلَّدات) کە باس کران لە ناخی خۆمدا وتم: لەوانەیە بە هەڵە دوورابێتەوە لە نێو (بەرگ / مُجَلَّد)ێك لە (بەرگەکانی / مُجَلَّدات) کتێبەکانی فەرموودە (کُتُب الحديث)دا کە لە کتێبخانەکەدا تۆمار کراون لە ژێر ناونیشانی فەرموودە (حديث)دا، بۆیە دەستم دایە هەڵدانەوەیان بەرگ بە بەرگ، تاوەکو هەموویانم تەواو کرد بە بێ ئەوەی کە بیدۆزمەوە ! بەڵام هەروەها ئەوەندەی کە خوای گەورە ویستی لێی بێت کتێب و نامیلکەم تۆمار کرد لە لای خۆم .

بەو شێوەیە بەردەوام بیانووم بۆ خۆم دەهێنایەوەو هیوام پێی دەدا بەوەی کەوا (**پەڕە وونبووەکە**)م دەست کەوێت، بۆیە لە میانەی گەڕانم بە دوایدا خۆم دەگواستەوە لە نێو (بەرگەکان / مُجَلَّدات) و نامیلکەکانی کتێبخانەکەدا لە زانستێکەوە بۆ زانستێکی تر، هەتاوەکو هەموو دەستنووسە (المخطوطات) هەڵگیراو و پارێزراوەکانی نێو کتێبخانەکەم کۆتایی پێهێنا کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی (١٠٠٠٠) دە هەزار (دەستنووس / مَخطوط) بە بێ ئەوەی کە بیدۆزمەوە .

بەڵام دوای ئەوەیش هەر بێ ئومێد نەبووم، چونکە لەوێدا شتێك هەبوو کە بە (الدشت) ناسراو بوو، کە ئەویش بریتی بوو لەو پەڕەو نامیلکە جوراوجۆرە کەڵەکە کراوانەی کەوا بنەواکانیان نەدەناسرا بۆیە دەستم دایە گەڕان لە نێو ئەوانەیشدا بە ووردی و بایەخ پێدانەوە بەڵام بێ سوود بوو .

لەو کاتەدا ئیتر بێ ئومێد بووم لە (**پەڕە وونبووەکە**)، بەڵام تێڕوانیم و بینیم کەوا خوای کارپڕبەرەکەت و گەورە لە پشت ئەوەوە دەرگایەکی گەورەی لێم کردووەتەوە لە زانستدا، کەوا من

ماوەیەکی زۆر لـێی بێئاگا بووم وەکو کەسانی تری جگە لە خۆم، ئەویش بریتی بـوو لـەوەی کـەوا لـە نێـو (الـمكتبة الظاهرية)دا دوڕڕ و گەوهـەری هـەڵگیراوی زۆری تێـدا بـوو لـە چـەندین (کتێـب) و (نامیلکــە) لــە زانــستە بــە ســوودە جوراوجۆرەکانــدا کــەوا باوباپیرانمــان بۆمانیــان بەجێهێــشتوون (ڕەحمــەتی خوای گەورەیان لـێبێت)، وە لە نێوایاندا چـەندین دەستنووسـی دەگمـەنی تێدایـە کـەوا لـە نێـو جگـە لەوێدا لـە کتێبخانـە جیهانیەکاندا نییە، لـەو دەستنووسـانەی کە تاوەکو ئێستا چاپ نەکراون .

جا کاتێك ئەوەم بۆ روون بوویەوە و لە نێو دڵمدا جێگیر بوو سەرلەنوێ بۆ جاری دووەم دەسـتم کـردەوە بـە توێژینــەوە (خوێندنــەوە و لێکۆڵینــەوە)ی هــەموو دەستنووســـەکانی کتێبخانەکــــە لــــە یەکەمیەوە تا کۆتاییەکـەی (من أولـــها إلی آخرهـــا)، ئـەوەش لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئەزموونی پێشووم کـەوا ئـەوەی تۆمـارم کردبوو لە نێوانیاندا لـەو کتێبخانەیدا کـە هەڵمبــژاردبوون و بــەس، بــەڵام ئــەم جارەیان دەستم دایە تۆمار کردنی هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیان هەبوو بە زانستی فەرموودەوە (علــم الــــحديث) تێیـدا، لـەوەی کـە سـوودم پـێدەگەیـەنێت لـە بــواری پــسپۆڕیەکەی خۆمــدا، هــیچ کەنارکــەتوو و بەردەســت کەتوویــەك (شاردة و واردة) نـەبوو وازم لـێهێنابێت ئیللا تۆمارم دەکرد، تەنانەت ئەگەر تەنها یەك پەڕەیش ببوایـە لـە کتێبێـك یـان لـە بەشـێك (جــزء)ی ناسـنامە نەزانراویـشدا بووبێت .

وەکـو بڵـێی خـوای کارپڕبەرەکـەت و گەورە بە هەموو ئەوانە ئامادەی دەکـردم بۆ قۆناغی سێیەم و کۆتایی .

کە ئەویش بریتی بـوو لـە توێژینـەوەی ئــەو کتێبانــە توێژینەوەیــەکی وورد و دەرهێنــانی ئــەوەی کــە تێیدایــە لــە فــەرموودەکانی پێغەمبــەر ﷺ لەگــەڵ سەندو ڕێگاکانی (أســانيده وطرقــه)، وە جگە لەمەش لە سوودەکانی تر .

من لە کاتی قۆنـاغی دووەمـدا هەنـدێك لەو سوودانەم هەڵدەگرتەوە کـەوا لـەخۆڕا دەمدۆزینـەوە، جـا نزیـك نەبوویـەوە لـە تـەواو کردنیـان تـاوەکو کـاری تـێکردم و هەستم کرد بە پێویـستێتی توێژینـەوەیان

کتێب بە کتێب و بەش بە بەش (جـزءاً جزءاً) .

لەبەر ئەوە قۆڵم هەڵکرد و سەرلەنوێ بۆ جاری سێیەم دەستم کردەوە بە توێژینەوە، بەڵام ئەم جارەیان هیچ لاپەڕەیەکم وازلێنەدەهێنا ئیللا سەیریم دەکرد، وە هیچ پەڕەیەکی کەنارکەتوو نەبوو ئیللا دەمخوێندەوە، وە ئەوەی کە دەمدۆزیەوە لە سوودە زانستیەکان و فەرموودە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ دەرمدەهێنان تێیدا، تاوەکو نزیکەی (٤٠) چل بەرگ (مُجَلَد)م لە لا کۆبوویەوە، هەر بەرگ (مُجَلَد)ێك نزیکەی (٤٠٠) چوارسەد پەڕەی تێدا بوو، وە لە هەر پەڕەیەکدا یەك فەرموودەی تێدا بوو کە دەدرایە پاڵ هەموو ئەو سەرچاوانەی کە تێیاندا دۆزیمبوونەوە لەگەڵ سەند و ڕێگاکانیاندا (أسانيده وطرقه) .

وە فەرموودەکانم تێیدا ریزکردبوو بە پێی پیتەکانی فەرهەنگ (أ، ب، ت،...)، وە لەم (بەرگ / مُجَلَدات)انەوە هەموو کتێبە دانراو و پڕۆژە زانستیەکانم تێردەکەم، بە جۆرێك کەوا یارمەتیم دەدات لەسەر (تەحقیق)ی زانستیانە کە ئاسان نیە بۆ زۆربەی زانایان، بە تایبەت لەم سەردەمەدا کەوا تێیدا قایل بوون بە گەڕانەوە بۆ هەندێك کورتکراوە لە زانستی فەرموودە (علم الحديث)دا، وە بۆ جگە لەوانەش لە چاپکراوەکان .

جا ئەم سامانە فەرموودەییە گەورەیە کە بۆ من پاشەکەوت بوو دەستم نەدەکەوت ئەگەر خوا ئەم توێژینەوەیەی بۆم ئاسان نەکردایە بە مەبەستی گەڕان بە دوای (**پەڕە ونبووەکە**)دا، جا سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە بە نیعمەتەکانی چاکەکاریەکان تەواو دەبن .

وە بەڕاستی لە بەرهەمە پیرۆزەکانی: من لە کاتی ئەو گەڕان و توێژینەوەیەدا هەندێك کتێبی دانراو و بەش و ناميلکەی بەنرخم بۆ دەرکەوت کەوا پێشتر بوونیان لە نێو کتێبخانەکەدا نەزانراو بوو بە ئەصڵ یان بە تەواوی، ئەوەش بە هۆی ڕۆیشتن و نەمانی پەڕەی یەکەم و جگە لەوەش لێیدا کەوا باو وایە بە هۆی ئەوەوە دەتوانرێت ناسنامەی دانەر و دانراوەکە بناسرێتەوە، یان بە هۆی کەمتەرخەمی نووسەرەکەوە لە نووسی ئەوەدا لەسەر وێنەکەی لای خۆی لەو

**کتێبــە، یــان لەبــەر جگــە لەوانــە لــە هۆکارەکـانی تـر کـەوا کەسـانی خـاوەن پـــسپۆڕێتی لـــە بـــواری توێژینـــەوەی دەستنووسـەکاندا دەیـزانن، لەبـەر ئـەوە شـاراوە بـووە لەسـەر (بـروکلمن) و جگـە لەویش لە دانەرانی پێڕست، کەوا بە هـیچ شـێوەیەك باسـیان نـەهاتووە لـە نێـو پێڕستەکانیاندا، وە هیچی تێدا نییە کەوا لێرەدا هەندێك لە کتێبـە گرنگـەکان بـاس بکەم ئەوانەیان کەوا ئێستا دێنەوە یادم:**

١- المستخرج على الصحيحين للحافظ سليمان بن إبراهيم الصبهانِي الــمِلَنْجِي .

٢- مجمع البحرين في زوائد الــمعجمين للحافظ نور الدين الهيثمي .

٣- الــــحُفَّاظ لأبي الفـــرج ابــــن الــجوزي.

٤- الكلم الطَّيب لشيخ الإســلام ابــن تيمية.

٥-إثبات صفة العلو لله تعالى لابن قدامة الــمقدسي .

٦- تحفة الــمحتاج إلى أدلة الــمنهاج لابن الــملقن .

٧- السنن الكبرى للنسائي .

٨- فضائل مكة للجندي .

**بــەڵام ئــەو بــەش (الأجــــــزاء) و نامیلکانــەی (الكــــراريس) کــەوا بــۆم دەرکەوتن و دۆزیانمنەوە و بە هەنـدێکیان هەنـدێك کتـێبی نەقوسـان یـان ناسـنامە نـەزانراوم پـێتـەواو کـرد ئـەوا سـوپاس و ســـتایش بـــۆ خـــوا زۆر زۆرن، ئەمـــە هەندێکیانە دەیانخەمە بەردەستت وەکو نموونە:**

١ ــ أحكام الانساء لابن الــجوزي .

٢ ــ الضعفاء للذهبـــي .

٣ ــ مسند الشهاب للقضاعي .

٤ ــ الصلاة لعبد الغني الــمقدسي .

٥ ــ تاريخ أصبهان لابن مندة .

٦ ــ الكلام على ختان النبي ﷺ لابــن العديم .

٧ ــ جزء نعل النبي ﷺ لابن اليُمْن ابن عساكر .

٨ ــ الــمغازي لابن إسحاق .

٩ ــ صحيح ابن حبان .

**بەڕاســتی ئــەم پێڕســتە بەرهـــەمی هـەوڵێکی تاکەکەسـی بـوو، وە هانـدەر و پاڵنەرێکی خۆیی بوو لە کەسێکەوە کـەوا کارمەند نـەبوو لـەو کتێبخانەیـەدا، وە لـە لایــەن کتێبخانەکەشــەوە ئــەو ئەرکــەی**

نەخرا بووە سەر و داوای ئەو کارەی لێنەکراوە، وە لەبەر ئەوەی کە لەبەردەستیدا نەبوون ئەوەی کە پێویست بوو لە ئاسانکارییەکان بۆ گەڕانەوە بۆ دەستنووسەکان و توێژینەوە تێیاندا و گەڕان بە دوای بەشە نەزانراوەکان تێیدا، هەروەکو چۆن نەریت وایە کە لەبەردەستی کارمەندی نێو کتێبخانەکەدایە یان بۆ کەسێك کەوا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکەیەوە ئەو ئەرکەی خرابێتە سەر، بۆیە شتێکی سروشتی بوو کەوا هەندێك نارەحەتیم تووش ببێت لە پێناوی ئەم توێژینەوەیەدا .

جاری وا بووە چەندین ڕۆژم بەسەردا تێپەڕیوە کەوا تێیاندا ناچابووم بۆ دانانی پەیژە و سەرکەوم بەسەریدا بۆ ئەوەی کە بتوانم دەستم بگات بەو کتێبانەی کەوا لەسەریەك دانرابوون بەسەر ڕەفە بەرزەکاندا، کەوا چەندین سەعات بەسەر پەیژەوە وەستاوم بۆ توێژینەوە تێیدا هەر لە شوێنەکەی خۆیدا توێژینەوەیەکی خێرا، وە ئەگەر شتێکم لێی هەڵبژاردایەت بۆ توێژینەوە تێیدا توێژینەوەیەکی پشکنین و ووردکاریانە ئەوا داوام دەکرد لە کارمەندی تایبەت بەوە کەوا بۆمی دابگریت و بیهێنێت بۆ لای مێزەکە دوای ئەوەی کەوا لیستی ناوەکان و ژمارەکان و واژووەکانیانم پێشەکەشی دەکرد ...) .

ئەمە بوو چیرۆکی (**پەڕە وونبووەکە**) کە بووە مایەی ئەوەی شێخ ئەلبانی بتوانێت:

١ ـ هەموو کتێب و ناملیکە و پەڕە کەڵەکەکراوە دەستنووسەکانی کتێبخانەی (الظاهرية) سێ جار بخوێنێتەوە کەوا:

أ / ژمارەی بەرگەکانی (المجاميع) تێیدا گەیشتبووە (١٥٢) بەرگ (مَجَلَد) .

ب / ژمارەی دەستنووسەکانی نزیکەی (١٠٠٠٠) دە هەزار (دەستنووس / مَخطوط) بوون .

٢ ـ لە میانەی ئەو هەموو گەڕان و لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بەردەوامەدا نزیکەی (٤٠) چل بەرگ (مَجَلَد) فەرموودەی بە دەستی خۆی بنووسێتەوە، کە هەر بەرگێك نزیکەی (٤٠٠) چوارسەد پەڕەی تێدا بووە، وە لە هەر پەڕەیەکیشدا یەك فەرموودەی تێدا

بووە لەگەڵ سەند و ڕێگاکانیاندا (أسانیده وطرقه) .

وە ئەگەر تێڕابمێنێن لەم چیرۆکەدا ئەوا زۆر شتمان بۆ دەردەکەوێت، لەوانە:

١ ـ بەڕاستی ئەمە ماندوونەناسی و هەوڵ و تێکۆشان و لێبڕان و هیممەت بەرزی ئەو زانا پایەبەرزەمان بۆ دەردەخات کە بوو بە فەرموودەناسی سەردەمی خۆی، بۆیە بە شانازیەوە دەڵێم:

أولئك آبائي فجئني بمثلهم ...
إذا جمعتنا يا (جُهلاء) الـجوامع .

٢ ـ بایەخ دان بە زۆر خوێندنەوەی کتێب و توێژینەوە کردن تێیدا .

٣ ـ نووسینەوەی ئەو سوودە زانستیانەی کە لە میانەی خوێندنەوە و توێژینەوەدا بەر چاوت دەکەون .

جا بۆ زیاتر روون کردنەوەی خاڵی یەکەم و دووەم هەندێك زانیاری دەخەمە بەر دەستی خوێنەر بە هیوای سوود لێوەرگرتن:

*** خوێندنەوەی کتێب:**

هەندێك لە دانایان وتویانە: (الكِتابُ خيرُ جليس) واتە: کتێب باشترین هاومەجلیس و هاوڕێیە .

هەروەها وتراوە کتێب: (حاضِرٌ نفعهُ، مأمونٌ ضُرُّهُ، ينشطُ بنشاطِكَ فينبسطُ إليك، ويَملُّ بملالكَ فينقبضُ عنك، إنْ أدنيتَهُ دنا، وإنْ أنأيتَهُ نأى، لا يبغيك شرًّا، ولا يفشي عليك سِرًّا، ولا يَنِمُّ عليك، ولا يسعى بنميمةٍ إليك)(٢) .

واتە: کتێب سوودەکانی دەستبەجێ و ئامادەیە، بێوەی و بێزیانە، گوڕج دەبێتەوە بە گوڕج بوونەوەی تۆ بۆیە خۆیت بۆ دەکاتەوە، وە بێزار دەبێت بە بێزار بوونی تۆ بۆیە خۆیت لێدەگرێتەوە و دادەخرێت، ئەگەر نزیکی بکەیتەوە لێت نزیك دەبێتەوە، وە ئەگەر دووری خەیتەوە ئەویش لێت دوور دەکەوێتەوە، خراپەی بۆت ناوێت، نهێنییەکانت ئاشکرا ناکات، هەواڵ و قسەت ناگەیەنێت بە کەسانی تر، وە هی ئەوانیشت بۆ ناهێنێت بە مەبەستی تێکدان و ئاشووب گێڕان .

---

(٢) تقييد العلم للخطيب البغدادي لاپەڕە: (١٥٧) .

**وه** (الـــخطيب البغدادي) **فەرموویەتی:** (ومع ما في الكتب من الـــمنافع العميمـــة، والـــمفاخر العظيمة، فهي: أكـــرمُ مـــالٍ، وأنفسُ جمالٍ، والكتابُ آمنُ جليس، وأسَـــرُّ أنيسٍ، وأسلمُ نَديمٍ، وأفصحُ كليمٍ)(٣).

**واتـــە: كتێـــب لەگـــەڵ ئەوەشـــدا كـــە چەندین سوودی گشتی و شانازی گەورەی تێدایـە بریتـــیـیـە لـــە: بـــەڕێزترین مـــاڵ و سـامان، بـەنرخ تـرین جـوانی، وە كتێـب بێزیـــان تـــرین هاومەجلیـــسە، نهـــێنی پارێزترین (یان دڵخۆشكارترین) هاوڕێیە، بێـــوەی تـــرین هاودەمـــە، پـــاراوترین قسەكەرە .**

(قيل لرجلٍ: مَنْ يُؤنسك؟ فضرب على كتبهِ وقال: هذه، فقيل: مِنَ الناس؟ فقـــال: الذين فيها)(٤).

**واتە: وتراوە بە پیاوێك: كێ دڵخـۆش و دڵنـەواییت دەكـات؟ ئـەویش دای بەسـەر كتێبەكانیـدا و وتـی: ئەمانـە، وتـرا: لـە خەڵكی؟ وتی: ئەوانەی كە تێیدان .**

**وە** (شـــفيق بـــن إبـــراهيم البلخـــي) **فەرموویەتی:** (قلنا لابـــن الـــــمبارك: إذا صليتَ معنا لِمَ لا تَجلِسُ معنا؟ قال: أذهبُ فأجلِسُ مع التابعين والصحابة، قلنا: فـــأين التابعون والصحابة؟ قال: أذهبُ أنظـــرُ في علمي فأدرك آثارهم وأعمالـــهم، ما أصنع معكم؟! أنتم تجلسون تغتابون الناس، فـــإذا كان سنة مائتين فالبعدُ من كثير من النـــاس أقربُ إلى الله تعالى، فِرْ من الناسِ كفـــرارك من الأسد، وتَمسَّكْ بدينك، يـــسلَمُ لـــك لَحمُكَ ودَمك)(٥).

**واتە: وتمان بە** (عبد الله بن الـــــمُبارك [١١٨ــ ١٨١ك]) **: بۆچـی كاتێك نوێـژت تەواو كرد لە گەڵماندا دانانیشیت؟**

**ئـــەویش فـــەرمووی: دەڕۆم لەگـــەڵ شوێنكەوتوان و هاوەڵانی پێغەمبەردا ﷺ دادەنیشم، وتمـان: ئـەی شـوێنكەوتوان و هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لە كوێن؟**

**فـەرمووی: دەڕۆم سـەیری زانستەكەم دەكـــەم و دەگـــەم بـــە شـــوێنەوار و كردەوەكانیـــان، چـــی بكـــەم لەگـــەڵ ئێوەدا؟!**

**ئێـوە دادەنیـشن غەیبـەتی خـەڵكی دەكەن، جا خۆ ئەگەر بگاتە ساڵی (٢٠٠) دووسەد ئەوا دوور كەوتنەوە لە زۆرینـەی**

(٣) تقييد العلم للخطيب البغدادي لاپەڕە: (١٥٨).

(٤) تقييد العلم للخطيب البغدادي لاپەڕە: (١٦٤).

(٥) تقييد العلم للخطيب البغدادي لاپەڕە: (١٦٤).

خەڵکی نزیک ترت دەکاتەوە لە خوای گەورە، ڕا بکە لە دەست خەڵکی وەکو چۆن ڕا دەکەیت لە دەست شێر، وە پەیوەست ببە بە دینەکەتەوە و دەستی پێوە بگرە ئەوا گۆشت و خوێنەکەت بێوەی دەبێت .

وە (مُحرز بن جبير المروزي) فەرموویەتی: (قيل لابن المبارك: يا أبا عبد الرحمن لو خرجتَ فجلستَ مع أصحابك، قال: إنِّي إذا كنتُ في المنزلِ جالستُ أصحاب مُحَمَّدٍ ﷺ ـــ يعني النظر في الكتب ـــ)(٦) .

واتە: وترا بە (عبد الله بن المُبارك): ئەی باوکی عبد الرحمن بۆ دەرناچیت لەگەڵ هاوڕێکانتدا دابنیشیت، ئەویش فەرمووی: من ئەگەر لەماڵدا بم ئەوا لەگەڵ هاوەڵانی (مُحَمَّد)دا ﷺ دادەنیشم، واتە: سەیری کتێب دەکەم .

*** نووسینەوە و بەند کردنی زانستی بە سوود:**

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:
**(قَيِّدُوا العِلمَ بالكتاب)(٧) .**

واتە: زانست بەند بکەن بە نووسینەوە.

وە وتراوە:

العلم صَيدٌ والكتابةُ قَيدهُ
قَيِّدْ صيودَكَ بالحِبال الموثقهْ

واتە: زانست نێچیرەو بەستنەوەشی بە نووسینەوەیەتی .. نێچیرەکانت بە پەتی قایم بەند بکە و بیانبەسەرەوە (بۆ ئەوەی لە دەستت دەرنەچن) .

جا ئەگەر شێخ ئەلبانی هاومەجلیس و هاوڕێیەتی ئەو هەموو کتێبەی نەکردبایە و ئەو هەموو زانستە بە سوودەی نەنووسیبایەتەوە ئەوا بێگومان نەدەبوو بەو زانایەی کە بە نوێکەرەوە و فەرموودەناسی سەردەمی خۆی بناسرێتەوە .

ڕەحمەتی خوا لە شێخی ئەلبانی بێت و گۆڕی پڕ نور بێت .

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آلهِ وَصحبهِ وسلم.**

---

(٦) تقييد العلم للخطيب البغدادي لاپەڕە: (١٦٣) .

(٧) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٢٠٢٦) .